توێژینەوەکان دەریدەخەن کرێمی دژە خۆر پێست لە نیشانەکانی پیربوون دەپارێزێت



کرێمی دژە خۆر پێست لە نیشانەکانی پیربوون دەپارێزێت، وەک گرژبوون و هێڵەکانی دەم و چاو و هە ئەگەری پیربوون بە ڕێژەی نزیکەی 24٪ کەم دەکاتەوە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە خوار 55 ساڵەوەیە.

وەک توێژینەوەکان دەریدەخەن کە زۆرێک لە مرۆڤ پێیان وایە سوودەکانی کرێمی دژە خۆر سنووردارە بە ڕێگریکردن لە سووتانی خۆر و پاراستنی ڕەنگی پێست، بەڵام سوودەکانی بەکارهێنانی دژە خۆر لەوە زیاترە، چونکە کار دەکات بۆ پاراستنی پێست لە زیانەکانی تیشکی خۆر، کە دەکرێت دەرکەوتنی گرژەکان و مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی پێست بگرێتەوە.

ڕوونکراوە کە باشترە کرێمی دژە خۆر 15-30 خولەک پێش بەرکەوتنی خۆر بەکاربهێنرێت و هەروەها دەبێت هەموو دوو کاتژمێر جارێک نوێ بکرێتەوە.